

## دکتۆر زەردەشت حاجۆ

# پەنی کورد پارێزەری نووسەرانی کوردە لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی هەر گرفتێکدا

**لەم ژمارەیەدا:**

- نەورۆز و رۆژی جیهانی شیعر
- دیمانەی کچە هونەرمەندی باکوور ئاینور

***✿ پەنی کورد یەکێکە لە رێکخراوە چالاکەکانی چاند و رۆشنبیری کوردی لە دەرەوە و ئەندامی پەنی جیهانییە و خودان سەنگ و گرنگی خۆیەتی، ئەنجوومەنی باڵای پەن و چەند ئەندامێکی پەنە کە لە شاری ئامەد لەژێر چاودێری پەنی جیهانیدا سیمنیاری دیالۆگی کوردی- تورکی) یان سازداو پاشان لەسەردانێکدا بۆ هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە لەگەڵ بەڕێز دکتۆر زەردەشت حاجۆ سەرۆکی پەنی کورددا ئەم دیمانەیەمان سازدا***

**دیمانە/ نامق هەورامی**

**سەردانی ئەم جارەت بۆ باشووری کوردستان چۆن بوو،**

- بە ناوی ناوەندی پەنی کورد رێز و سڵاوم بۆتان و بۆ گشت خوێنەرەکانتان هەیە، لە ساڵی ١٩٩٨ ناوەندی کورد خەبات دەکات تاکو بتوانێت هاوکارییەک لە نێوان نووسەرانی سەرانسەری کوردستان پەیدا بکات، لەکۆنگرەی خۆماندا لە ساڵی١٩٩٩ بڕیارماندا کە دەبێ لە هەموو پارچەکانی کوردستان لقی ناوەندی پەنی بکرێتەوە، و هەر لەوکاتەوە پەیوەندیمان دروستکرد لە گەڵ نووسەرانی کوردستانی باکوور وەک کاک محەمەد ئۆزۆ کە نووسەرێکی کوردی هەرە بەناوبانگی باکوری کوردستانە و لە رێگای ئەوەوە توانیمان پەیوەندی لەگەڵ نووسەرانی شاری ئامەد پەیدا بکەین، لێک نەگەیشتنێک لە نێوان ئێمە و ئەواندا دروستبوو ئێمەی دووجار نوێنەری خۆمان ناردە کۆنگرەی ئەوان لەسەر داخوازی خۆمان، ئەوان ویستیان کە پەنێکی تایبەتی ئامادە بکەن ئێمەش لەو بڕوایە داین کە نابێ چەند پەنێک هەبێت و تەنیا یەک پەنی کورد بەسە بۆ ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نوێنەرایەتی رۆشنبیری و وێژە و زمانی کورد بکات ئامانجی ئێمە پەیداکردنی لۆبێکی کوردییە و، هەبوونی چەند پەنێکی کوردی دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕ و ئاژاوە لە نێو خودی خۆماندا و ئەو دەسکەوتانەی تا ئێستا بە دەستمان هێناوە لە دەستیان دەدەین، لەبەر ئەوە ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ ئەوەی لەگەڵ برادەرانی ئامەد رێک بکەوین و هەموومان لە ژێر چەتر پەنی کوردیدا خەبات بکەین و هەر کەسێک ببێتە ئەندام لە پەنی کوردی لە هەمان کاتدا دەبێتە ئەندام لە پەنی نێونەتەوەیی ئەگەر نووسەرێک دووچاری هەر گرفت و کێشەیەک ببێتەوە، پەنی نێونەتەوەیی بەرگری لێدەکات و مافەکانی دەپارێزێت، هەروەها دەتوانێ نووسینەکانی لەگۆڤاری پەنی نێونەتەوەییدا بڵاو بکاتەوە کەساڵانە چوار ژمارەی چاپ دەکرێت، دوای هەڵسەنگاندنی نووسنەکە بڕیاری بلاوکردنەوەی دەدرێت. مەبەست

ئەم سەردانەشمان بۆ باشوور هەر لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەی ئێمەوە دێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ نووسەرانی باشوور.

*** بیرۆکە وپاڵنەرەکانی دامەزراندنی پەنی کورد چی بوون،ئایا تەنیا بۆ دروستکردنی لوبێکی کوردی بوویان بۆ ئەوە بوو کە کوردیش لە نێو پەنی جیهاندا شوێنی هەبێت؟**

– لێرەدا پێویستە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی هاتنی کوردەکان بۆ دەرەوەی وڵات ئەمەش لە ساڵانی ١٩٥٠وە دەستیپێکرد کاتێک کوردەکان وەک قوتابی وکرێکار و خاوەن پیشە دەچوونە ئەورووپا، لە سەرەتاوە ژمارەیان کەم بوو، کەچی ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن کورد لە دەرەوەی وڵات دەژین، ئەو کوردانە کاتێک هاتن رێکخراویان بۆ خۆیان دروستکرد وەک رێکخراوەکانی قوتابیان و پزیشکان و کرێکاران و ئەندازیاران واتە هەموو چینەکان رێکخراویان هەیە، بەڵام تا ساڵانی ١٩٨٠ هیچ رێکخراوێک نەبوو کە نوێنەرایەتی وێژەی نووسەرانی کورد بکات، ئافرەتێک هەبوو کە ناوی لوسینا کاسمان بوو مێردەکەی جولەکەیەکی ئەڵمانی بوو، ئەم ژن ومێردە هاوڕێی نووسەرێکی کوردی باکوور بوون کە ناوی حەسەنی پەردەمە، ئەمانە گوتیان باشتر وایە ناوەندێک هەبێت بە ناوی پەنی کورد نوێننەرایەتی نووسەرانی کورد بکات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا واتە بیرۆکەکە لای ئەوان دروست بوو، لەساڵی ١٩٨٨ لە گەڵ چەند نووسەرێکی کورد دانیشتن و **داخوازینامەکیان پێشکەش بە پەنی نێونەتەوەیی کرد تێیدا گوتیان:** ئێمە وەک نوێنەرانی کەلتور وزمان و وێژەی کوردی دەخوازین ببین بە ئەندام لە پەنی نێونەتەوەیی، لوسینا و مێردەکەی هەوڵێکی زۆریاندا تا بووین بە ئەندام لە پەنی نێونەتەوەیی، چونکە وەرگرتن ئەندامی نوێ کارێکی ئاسان نییە، دوای ئەمە پێویستی بە ڕەزامەندی دادگای ئەڵمانی هەبوو بۆ ئەوەی وەک رێکخراوێکی سەربەخۆی ئەندام لە پەنی نێونەتەوەیی لە ئەڵمانیا کاردەکەین، لە ساڵی ١٩٩٠ تا **١٩٩٣** کاک حەسەن سەرۆکی ئەم کۆمیتەیە بوو.

هەموو ساڵێک لە کۆنگرەی پەنی نێونەتەوەیی ئامادە دەبوو و باسی زمان و رۆشنبیری و وێژەی کوردی دەکرد، ئەگەر نوسەرێکی کوردی. تورکیا یان سوریا و ئێران و عێراق یان لە هەر شوێنێکی دیکە ئەشکەنجە و ئازار و زیندانی، گشت ئەندامەکانی پەنی نێونەتەوەیی گفتوگۆیان لەسەر دەکرد و نامەیەکی ئیدانە و پرۆتیستۆیان پێشکەش بەو رژێمە نەدەکرد وەک نارەزاییەک بەرامبەر بە رەفتارە نامرۆڤایەتییەکانیان دژی نووسەرانی کورد. و لە ساڵی ١٩٩٠ چەند بڕیار و بەیاننامەی تیدانە لە لایەن پەنی کوردەوە دەرچووە دژی رژێمەکانی تورکیا و ئێران کە رێگا بە زمانی کوردی نادەن، زۆر لە نووسەرە ناودارەکانی جیهان ئەندامن لە پەنی نێونەتەوەییدا و کاتێک گوییان لە ئازار و ئەشکەنجەدانی نووسەرانی کورد دەبێت لەلایەن رژێمە داگیرکەرەکان باڵەپەستۆ دەخەنە سەر وڵاتەکانیان بۆ ئەوەی هەوڵی ئازادکردنیان بدەن، هەروەها وێنەی راستەقینەی ئەم رژێمانەیان بۆ دیار دەکەوێت.

لە ساڵی **١٩٩٣** دوای توشبوونی کاک حەسەن بە نەخۆشی شێرپەنجە برادەرێکی دیکە لە شوێنی دانرا، مخابن لە ماوەی سێ ساڵدا ئەم کۆمیتەیە تێکچوو و سەرۆکی پەن بە تەنیا ماوە، لە ساڵی **١٩٩٦** لە گوادالا خارا لە مەگسیک دوای سێ ساڵ دابڕان لە کۆنگرەکانی نێونەتەوەییدا، ئەمەی دوایی بڕیاری هەڵپەساردنی ئەندامێتی پەنی کوردی دا و سەرۆکی پەنی کوردیش دەست لە کار کێشایەوە و خەریک بوو ناوەندی پەندی کوردی بە یەکجاری تێک بچێت، لە ساڵی **١٩٩٧** بانگەوازی نووسەرانی کوردمان کرد بۆ کۆبوونەوە و رزگارکردنی ئەم کۆمەڵەیە کوردیە، ئەو کات کۆمیتەیەکی دیکە هەڵبژێردرا و ئێمە چووین بۆ ئەدنبەرە و هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ئەوەی ئەندامانی دیکەی پەنی نێونەتەوەیی بۆ ئەوەی ئەندامێتی ئێمە بگەڕێتەوە وەک هەنگاوی بە کەم بۆ نۆژەنکردنەوەی پەنی کورد ئەمەش کارێکی زۆر زەحمەتە نووسەرەکان لە یەک وڵات نین و پەرتەوازەن هەروەها هیچ لایەنێک نییە هاوکاری ماددیمان بکات تەنانەت بەشداریکردن لەکۆنگرە و کۆنفرانسەکانیش بۆ ئێمە کارێکی سەختە و بە هاوکاری یارمەتی چەند کەسێک ئینجا دەتوانین نوێنەرێک رەوانەی کۆنگرە و کۆنفرانسەکان دەکەین، لە زرۆبەی کۆنگرەکاندا ئێمە نوێنەرمان ئافرەت بووە بۆ ئەوەی نووسەرانی جیهان ببینن کە لای ئێمە ئافرەتیش وەک پیاو ئازادە و هەموو مافێکی هەیە و ئێمە نووسەری ئافرەتیشمان هەیە کە لە تەک پیاوەکاندا خەبات دەکات.

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کاتێک نوێنەری ئێمە ئامادەی کۆنگرەکان دەبن لەگەڵ نزیکەی ٥٠٠ نووسەری نوێنەرانی ئێمە خۆیان بەنوێنەری کورد دادەنێن و ئێمە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆی خاوەن زمان و رۆشنبیری و وێژەی سەربەخۆ دەناسرێین و، ئێمە هەوڵ دەدەین نووسەر و رۆشنبیرانی جیهانی لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکەمان بن و بزانن لە سێ پارچەی کوردستان زمان و وێژەی ئێمە قەدەغەیە، نووسەرانی ئێمە لە زیندانن یان ئازار وئەشکەنجە دەدرێن، هەوڵ دەدەین وایان لێبکەین ئەوانیش فشار بخەنە سەر وڵاتەکانیان بۆ ئەوەی یارمەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بدەن.

*** لە دوای راپەڕین زەمینەی کارکردنی رێکخراوەیی لە باشوور زۆر باشی و لەباربوو کەچی واتێبینی دەکرێت پەنی کوردی رۆڵێکی ئەوتۆی نییە و سوودی لەم دەرفەتە وەرنەگرتووە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– راستە، وەک پێم راگەیاندنی ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٣ قۆناغی دامەزراندنی بوو پەنی کوردیش ئاوا بەهێز نەبوو تاکو بتوانێن خۆی بگەیەنێتە هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەتیش باشوور، دوای نەخۆش کەوتنی کاک حوسێن ئەو کۆمیتە لە کارکردن سارد بوو، بەڵام لەئێستاوە دەتوانین پەیوەندیمان بەهێزتر بێت لەگەڵ نووسەرانی رێکخراوەێکی سەربەخۆی بێلایەنە هەر چەندە لە نێو پەنی کوردیدا بیر وڕای سیاسی جیاوازەیش هەیە.

*** بە نیاز نین لە باشووری کوردستانیش لق یان نوێنەرایەتی بکەنەوە؟**

– مەبەستی سەرەکی ئمێە لەم سەردانە ئەنجامدانی گفتوگۆیە لەگەڵ نووسەرانی باشوور، بۆ ئەوەی بە گونجاوترین شێوە بەیەکەوە بتوانین خەبات بکەین و پەنی کورد بەهێزتر بکەین، جا چ بە شێوەی کردنەوەی لق بێت یان بە هەر شێوەیەکی دیکە ئێمە سێ ساڵ جارێک کۆنگرە دەبەستین و دەستەی نوێ هەڵەبژێرین و لەم کۆنگرەیەدا بڕیار دەدەین کە ناوەندەکەمان لە کوردستان یان لە ئەورووپا بێت.

*** ئەم ساڵ لە ئامەد بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاهەنگی نەورۆز کرایەوە و، ژمارەیەکی زۆری نووسەر و رۆشنبیران لە ئامەد کۆبوونەوە ئەم کۆبوونەوە چۆن و چی بوو؟**

– ئێمە بە هاوکاری پەنی نێونەتەوەیی هەڵسایین بە سازدانی ئەم کۆبوونەوەیە، لە ساڵی ١٩٩٨وە تا ئێستا ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ ئەوەی بتوانین کۆبوونەوەیەک لەسەر زمان و وێژەی کوردی لە باکور ریک بخەین وئێمە لە رێگای پەنی نێونەتەوییەوە داوای دیالوگمان لەگەڵ پەنی تورکی کرد، ئەگەر تورکەکان رازی بوان ئەوکات بۆ پەنی نێونەتەوەیی دەردەکەوت کە ئێمە دوو نەتەوەی جیاواز ین لە یەک وڵاتدا و هەر یەکمان خاوەن زمان وکلتور و وێژەی سەربەخۆی خۆمانین و ئەگەر پەنی تورکی رازی نەبوا ئەو کات لەوانەیە لە پەنی نەتەوەیی دەرکرابا، چونکە دەردەکەوت کە باوەڕی بە دیالۆگ نییە.

لە کۆتاییدا ئێمە وەک دوو نەتەوەی جیاواز و خاوەن کلتور وزمان ویژەی سەربەخۆ بە یەکەوە دانیشتین ئەمەش شتێکی نوێیە لە مێژووی تورکیا .

*** وەک نووسەرێک ئەزموونی باشووری کوردستان چۆن دەبینن؟**

– لەو چەند رۆژەی من لێرەم بۆم دەرکەوت ئەو دیموکراسی و ئازادییە لێرە هەیە نموونەیەکی زیندووە بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێک شتم بەرچاو کەوت تا ئێستا لە ئەورووپاش نییە بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتی و هونەرمەند ونووسەر و رۆشنبیران رێزیان لێدەگرێن، لە کاتێکی زۆر کەمدا هەنگاوی زۆر گەورە هاوێژراوە ئەمەش جێگای شانازی و سەربڵندی ئێمەیە، ئەمە وەک خەون بوو کە لە دیرۆکی ئێمەدا بێتە ئاراوە.■